# ڤیاگرا:

## ئەو حەبەی دیموکراتییانە لە بازاڕەکانی ئێراق دەستدەکەوێت




نوکە لە ئێراق، جوڵەیەکی زۆری لەسەرە و زۆر بە سانایی دەستدەکەوێت، ئەوانە بەکاریدەهێنن کە هەست بە لاوازی هێزی سێکسییان دەکەن، تەنانەت ئەوانەشی کە تەندروستی سێکسییان تەواویشە.

ڤیاگـرا، چەند سـاڵێکە داهێنـراوە، یەکەمینجار جگە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان، وڵاتانی تر لەو حەبە بێبەش بوون، بەڵام ئێستـا بەشێوەیەکی فراوان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بڵاو بۆتەوە.

ئەوەی جێگای مەترسییە، کە ئەو حەبە نابێت بێ ڕێنمایی راچێتەی دۆکتۆر، بخورێت. بەڵام زۆر لە هاووڵاتییانی ئێراق بـێ گوێدانە ئـەو ڕێنماییە، بە پارەیەکی کەم دەسـتیان دەکەوێت و بۆ خۆنمایشـکردن ئەو حەبـە دەخۆن. بۆیە دەبینرێـت دەرەنجامی نێگەتیڤی تەندروسـتی لە داهاتوو لەسەر ئەو کەسە لێ دەکەوێتەوە.

ئەو بارەی ئێسـتاکەی عێراق پێی تێپەڕ دەبێت، شتی زۆر سـەیری لێ بەدی دەکرێت، ئەوەتا لەسـەر شۆستەکانی بەغدا، بـە ڕۆژی ڕوونـاک، منداڵی ژێـر تەمەنی هەژدە ساڵی ( تەمەنی کامڵبوونی تەواو لە عێراق) دەبینرێت، کە بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات «حەبی ڤیاگرامان هەیە». تەنانەت وای لێهاتووە، کەسـانێک، نەخاسمە گەنجەکان، هەر بۆ هەوەس ئەو حەبە بکڕن و بەکاری بهێنن.

دۆکتۆر (ڕۆبەرت فێڵد) مامۆسـتای کۆلێژە پزیشکییەکانی زانکـۆی پەنسـەلڤانیایە و پێی وایە، تـرس و دوودڵی، دوو هۆی سـەرەکی بێهێزی سێکسـیین، نەمانی ئەو دوو فاکتەرە، ئەگەری گەڕانەوەی هێزی سێکسـیی کەسەکە بۆ باری ئاسایی خۆی گەلێک زۆرە.

یەکێک لەوانەی کە فێری خواردنی ئەو حەبە بووە، دەڵێت: بەهۆی دوودڵییەکی زۆرمەوە، تووشـی بێهێزی سێکسیی